# لەهەڵبژاردنەکانی فەرەنسا سەرکەوتنی چەپ یان ڕاسترەو، کامیان لەبەرژەوەندی دۆزی کوردایە؟!



**هۆشیار عەبدولڕەحمان**

کێشەو دۆزی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێک لەکێشە هەرە ئاڵۆزو سەختەکانە و تا هەنووکەش چارەسەرێکی سیاسی و بابەتی بۆ نەکراوە. کێشەی خاکێکی داگیرکراو و مافی گەلێکی زوڵم لێکراو هەیە، کێشەی چل ملیۆن مرۆڤە کە هەموو جیهان لەبەرانبەر ستەم و چەوسانەوەکانی چاوی خۆیان لێ خەواندوە. لەگەڵ ئەم کێشەیەشدا چەند کێشەیەکی تر لەناوچەکەدا بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، کێشەی گەلی فەلەستین و جوولەکە پاش چەندین هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کەچی هێشتا بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی ئاشتی عەرەب – ئیسرائیل بەردەوامە. کێشە و شەڕی ناوەخۆو ململانێ تایفی و مەزهەبی لە لوبنان.

دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن سوپای ئەمریکاو ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس، سەرتاپای ڕیزبەندی هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە گۆڕانی گەورەی بەسەر داهات، و ئەم ڕوداوو گۆڕانکاریەی لەناوچەکە هاتە کایەوە دەرفەت و هەلێکی زێرینی لەبەردەم دۆزو کێشەی نەتەوەی کورد کردەوەو دەرفەتی زیاتر ڕەخسا بۆ ئەوەی هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسیەکانی بەهەنگاوێکی گەورەترو دۆزەکەی بەشێوازێکی هاوچەرخانە بباتە نێو محافلی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان، شەرعیەتی نێودەوڵەتی بەم کێشە سیاسیە بدرێت و چیتر بەچاوی سۆزو بەزەییەوە نەڕواننە ئەم کێشە چارەسەرنەکراوەی گەلی کورد. ئێستا دۆزی کورد لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا خەریکە جێگای خۆی دەگرێت ، چیتر زلهێزەکانی جیهانیش ناتوانن هەروا بەئاسانی فەرامۆشی ئەم کێشە گەورەیە بکەن و ئەگەری دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیش لە ڕۆژهەڤی ناوچەکە دا هەیە، بۆیە ئێستا بۆچونێک لەلایەن هەندێک لەدەوڵەتە گەورەکانیشەوە دروست بووە کە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی نابێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی جیهان، بەڵکو جۆرێک لەئارامی و سەقامگیری سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێنێتە کایەوە.

لەنیسانی ئەمساڵدا پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دەستنیشان کردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لە فەرەنسا بەڕێوەدەچوو، خولی هەڵبژاردنی ئەمساڵ جۆرێک جیاوازی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پێوەدیاربوو، خەڵکی فەرەنسا ئەمجارە زۆر بەگەرم و گوڕی و جۆش و خرۆشەوە بەشداری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن کە لەنێوان سۆسیالیست و ڕاسترەوی ناوەندی کەوتونەتە پێشبڕکێی یەکتری. حزبی سۆسیالست کە کاندیدەکەی (سیگۆلین ڕۆیالە) دەیەوێ گۆڕانکاری لەسیاسەت و تێڕوانینی فەرەنسا بکات بۆ ناوەخۆی فەرەنساو جیهانبینیەکەی و بۆ کێشە و گرفتەکانی ناوچەی ڕرۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کەفەرەنسا لەکاتی شەڕی داگیرکردنی عێراقدا خۆپاراستنی هەبوو، ئەم کاندیدە ئافرەتەی فەرەنسا دۆستێکی نزیکی کوردەو تێگەیشتنێکی باشی هەیە بۆ دۆزو کێشەی گەلی کوردو لەنزیکیشەوە چەندین کەسایەتی سسیاسی کوردی بینیوەو گفتوگۆو بیروڕای دەربارەی دۆزی نەتەوەی کورد ئاڵوگۆر کردووە، ئێستا سەرجەم حزب و ڕێکخراوە چەپەکان و سۆسیالیستەکانی ئەوروپاو ڕێکخراوی سۆسسیالیست ئینتەرناسیۆنالی نێودەوڵەتیش زۆر گرنگی بەکێشەی گەلی کورد دەدات لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە پێوستە لەسەر سەرکردایەتی سیاسی کوردو سەرجەم حزب و ڕێکخراوە چەپ و پێشکەوتووخوازەکانی کوردستانیش بکەونە هەوڵ و تێکۆشانی دیبلۆماسی فراوانتر بۆ خستنەڕووی دۆزی کورد بۆ ناوەند جیهانیەکەو دەزگاو پەرلەمانەکانی ئەوروپا. خۆ خەریک کردنی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەدروستکردنی عێراقێکی بەزۆر پێکەوە لکێنراو لە چوار ساڵی ڕابردوو دا زۆر زیانی بە دواخستنی کێشەکەمان گەیاندو هەوڵە دبلۆماسیەکانی بۆ جارێکی تر بەلاوازی کێشایە داوە، بۆیە پێویستە دەرفەتەکان لەدەست دەرنەچێ و بەباشی بیان قۆزینەوە، دەبێ جارێکی تر بەخۆماندا بچینەوە، بۆ دروست کردنەوەی پەیوەندی و ڕایەڵە دروستەکان لەسەر ئاستی جیهان و ئەوروپاو تەنانەت هەندێک لەدۆستەکانمان لەناوچەکە هەست بە نیگەرانی دەکەن لەڕووی فەرامۆشکردنی ئەوپەیوەندی و دۆستایەتیەی کەچەند هاوکاری مادی و مەعنەوەی بزاڤی گەلەمانیان کردبوو لەڕۆژە سەختەکاندا کە شۆڕشەکانی گەلەکەمانی لەو قۆناغە دژوارەدا پێدا تێدەپەری.

لە کۆتاییدا دەکرێ ڕاشکاونە بڵێین: سەرکەوتنی سۆسیالیستەکانی فەرەنسا زیاتر لەبەرژەوەندی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دایە، چونکە لەسەر کێشەی قڕکردنی ئەرمەن پەیوەندیەکانی فەرەنسا لەگەڵ تورکیا بەرەو پچڕان ڕۆیشتووە، ئیدی ئەگەر پشتیوانی لە کێشەی کوردستان بکات نە گوێ لە هەڕەشەکانی تورکیا دەگرێ نە سازشیش لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیدا دەکات.

# ئایا ڕۆژنامە لەکوردستاندا پەیامە ڕاستەقینەکەی خۆی گەیاندووە؟

**شیلان عبدالله**

سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەسەرەتای ڕاستەقینەی دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێ. چونکە لەو سەدەیەدا ڕۆژنامەکان بوونە هۆی گەیاندنی زانیاریەکان، ڕایەڵەی جەماوەریان بە هەواڵ و زانیاریەکان پتەو کرد، هەنگاوی باشیان نا و پێشکەوتنی گەوەیان مسۆگەرکرد، سەرەرای ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە بەڵام ئێستا تەلەفزیۆن و ڕادیۆو ئینتەرنێت بواری ڕۆژنامەوانی تەسک کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستاش ڕۆژنامە ڕۆڵێکی مێژوویی لەدروستکردنی ڕای گشتی و گەیاندنی زانیاری و هەواڵ دەگێڕێ.



جیهانی ئەمرۆ بەوە لەجیهانی ڕابردوو جیادەکرێتەوە کە تەکنەلۆژیا هێندە پێشکەوتووە بوار نەماوە لەژیانی مرۆڤدا سوودی لێ نەبینن. لەمەوە دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کەکاریگەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەر بیرکردنەوە و هەڵوێستی جەماوەر بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا هێندە زۆرە کە بەچەندین لێکۆڵینەوە کۆتایی نایەت، تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندن مرۆڤیان لەقۆناغی پیشەسازییەوە گۆری بۆ زانست و زانیاری. لەکۆمەڵگەی پێشکەوتووەکانیشدا ڕۆژنامەوانی بۆتە دیاردەیەکی ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتیشدا کەناڵێکی گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانج و نەریتی نوێ و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری ڕاست و دروست نیشاندانی شارستانی و کولتور بەجیهانی دەرەوەو کردنی بەجاماوەرێکی فراوان و بەربڵاو، هونەری ڕۆژنامەوانی داهێنانێکی فکری و ڕۆشنبیریە وا لەمرۆڤ دەکات بەرەو ئاقاری پێگەیاندن هەنگاوبنێت، نزیک بێتەوە لەڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان و دیاردەکان شەفافانە بەڕوونی بیان گەیەنێت وەک دەبینین ڕۆژبەڕۆژ بوارەکانی ڕاگەیاندن لەبرەودان، پرۆسەی کێبەرکێ لەنێوان چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕۆژنامەنووسدا پەیدا دەبێ، کەچی بەداخەوە هەندێکیان بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان پەیامەکە بەرەو ئاقارێکی دیکە دەبەن و بەشێوەیەکی جیاواز پەیامەکان دەگەیەنن.

دەکرێت بپرسین زۆربوونی گۆڤارو ڕۆژنامەی بێ سەروبەر لەهەر شوێنێکدا بێت دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی خوێنەر، وەک دەبینین چەند کەسێک یاگروپێک یاکۆمەڵێک پێک دێت بۆ پێک هێنانی ڕۆژنامەیەک ، لێرەدا نارۆشنی لەپەیامی ڕۆژنامەوانی سەر هەڵدەدا، بۆیە دەپپرسین : ئامانج لەزۆری ئەم ڕۆژنامانە بۆ دەسکەوتی ماددی، نناوبانگ پەیدا کردن دەگەڕێتەوە یان؟؟ ئەگەر هونەری ڕۆژنامەوانی لەڕوویەکەوە وەربگرن، کولتورو شارستانی نەتەوەیەک بەنەتەوەیەکی دی دەگەینێت و ئاڵوگۆری نوێ لە نێوان کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دروست دەکات، بەڵام وەک دەبینین لەپاڵ ئەم هەموو گرنگیەدا زۆربەیان ڕۆژنامە بۆ مەرامە تایبەتیەکانی خۆیان و پیشەکەیان دەشوێنن، چاو لە ئاکامە خراپەکانی دەپۆشن . هەندێجار ورووژاندنی باسێک کۆمەڵێک بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات و هەریەکەش بە بۆچوونی خۆی باس لەو کێشەیە دەکات ، هەندێک لە ڕۆژنامە سەربەخۆکان سەربەخۆیی خۆیان کردۆتە وەسیلەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و چەواشەو شێواندنی ڕاستیەکان، یاخود پروپاگەندە بۆ کەسانێک دەکەن و بە شان و باڵیاندا هەڵدەڵێن کە تەواو لە پێچەوانەی ناوەڕۆکی نووسینەکانە.

ئێمە ئەگەر ڕاستگۆیانە ئەم بابەتە هەڵسەنگێنین، ناچار دەڵێن کە ڕۆژنامەوانی کوردستان وەکو پێویست پەیامی ڕاستینی خۆی نەگەیاندووە، لە بازنەی بەرژەوەندیەکانی حزبی و حکومی و سەرکردە و کەسەکانەوە خول دەخواتەوە، بۆ گەورەکردنەوەی بەرژەوەندی تەسک پەل دەکوتێ، ئەمەش بە زیان بۆ سەر پەیامی ڕاستینی خۆی شکاوەتەوە.

# جەژن و حکومەت و دیمەن



**لەتیف عوسمان**

ئەو سپێدەیەی کە لەخەو هەڵسام دیمەنی کچە بچکۆلەکەم بەیانی باشی لێ کردم پێی گووتم بابە جەژنت پیرۆز منیش پێم گووت جەژنی چییە گوتی بابە گیان ئەی ئەتوو کرێکارنیت، ئەمرۆ یەکی ئایارە، جەژنی کرێکارانە. ڕاست دەکا من کرێکارم ، بەڵام ئەوەی لەهزرم دانەبوو جەژنی کرێکاران بوو، چوونکە لەوەتەی کرێکارم هەر ڕادەکەم لەپێناوی بژێوی ژیان وا ڕێکەوتووە لەڕۆژی بەناو جەژنی کرێکاراندا لەکاربوومە. دەزانم کات ژمێرێک و چەند قسەیەکی بۆیاغ کراوی بەرپرسێک بە کۆتا دێ تا ساڵی داهاتوو لەیاد دەکرێ، ئەوەندەم زانی پاش کەمێک بزر بوون دیمەن هاتەوە لام بە ڕۆژانەکەی دەستە کێکەک و قەڵەمێکی کری بوو، گووتی: ئەوە دیارییە بۆ تۆ ، ئەوسا ئەم لاو ئەولای ماچ کردم .ئەمە هەستی دیمەنی کچە هەشت ساڵەکەم بوو، لێرەدا دەڵێم ئاخۆ لەم ڕۆژەدا منداڵانی کرێکار دیمەن ئاسا بە ڕۆژانەکەیان دیاریان بۆ باوک برا کرێکارەکانیان کڕیوە؟! خۆزگە حکومەتەکەمان هەستی وەکو هەستی ئەو منداڵانە دەبوو، تۆزێ بەزەیی بەچینی کرێکار دادەهاتەوە، کارێکی وای بکردبایە لەئازاری کرێکارانی کەم بکردباوە، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەوەی تاسەر ئێسقان دەچەوسێتەوە دەتوێتەوە تەنیا چینی کرێکارە .هەر لەفەرمانگەکانی میری دا بە کەمترین مووچە وو بەهیلاکی یەکی زۆر ، لەکەرتی تایبەتیشدا لەبەیانی تائێوارە پێ ڕاناگا، هەر دەبێ ئارەق بڕێژێ، بەڵ گرانی بازار هیچی بۆ نامێنێتەوە، ئەوەتا کرێکارێک بەخاوەن کار دەڵێ ڕۆژێک بوتڵە غازەک و ڕۆژێک دەبە نەوتێکم بۆ بکڕە، من فلسێکم ناوێ.

بەم بۆنەیەوە دەڵێم خۆزگە بەرپرسەکانمان ئەوەندە لەبیری خۆ قەڵەوکردن نەدەبوون! ئەوەندە بەدوای لەئۆتۆمبیلی ا مۆدێل بەرز و ڤێللاو دەیان دۆنم زەوی نەدەگەڕان،! ڕۆژانە لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەکاندا دەخوێنینەوە کە بەملیۆن دۆلارو دینار کەبەشی زۆری لەکاری بێمانا سەرف کراوە. ئایا حکومەت تاچەند لەحاڵی کرێکارانی پەککەوتوویان پرسیوە؟! سەرەڕای ئەم هەوو مەینەتیانەش کەیەخەی کرێکاری داماو دەگرن، ئێستا بەهۆی کرێکارانی بیانی کەلە هەموو لایەک عەرەب ،تورک، هیندی ، بانگلادیشی و هتد ڕوویان لەکوردستان کردوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بێئیشی کرێکارانی خۆمان داناوە. خۆزگە سەندیکای کرێکاران هەوڵێکی بەڕاستی بۆ چارەسەرکردنی ئەم بێکاریەی دابا، لە حکومەتەکەشامان دەخوازین با تۆزێک ئاوڕ لە کرێکاران بداتەوەو خەمیان بۆ بخوات .